زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر

# هاوبێژی لە شعرەكانی

# ( سەركەوت رەسول ) دا

پرۆژەی دەرچوون

پێشكەش بە بەشی (زمانی كوردی ) كراوە ، وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بروانامەی بەكالۆریۆس لە ( زمان و ئەدەبی كوردی ) دا.

ئامادەكراوە لەلایەن:

ژاڵە حارس فتاح

بەسەرپەرشتی:

م: تریفە محسن احمد

2022ز

# ناوەڕۆک

بەشی یەکەم

تەوەرەی یەکەم ٦

چەمکی هاوبێژی

تەوەرەی دووەم ٨

هاوبێژی چییە ؟

تەوەرەی سێیەم ١١

جۆرەکانی هاوبێژی

تەوەرەی چوارەم ١٢

هۆکارەکانی دروست بوونی هاوبێژی

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس بۆ:**

- سوپاس بۆ خوای گەورە بۆ تەواوکردنی خوێندم.
- ماندووبوون و شەونخوونی دایکم وە سوپاس بۆ باوکم.
- بۆ هاوڕێ و مامۆستام ( ئامانج)
- بۆ شاعیری گەورە کاک (سەرکەوت رەسول)

پێشکەشە بە:

گیانی پیرۆز و ژێر خاک کەوتووی دایکم.

پلانەکان:

1- چەمکی هاوبێژی.

2- هاوبێژی چییە ؟

3- جۆرەکانی هاوبێژی.

4- هۆکارەکانی دروست بوونی هاوبێژی.

## پێشەکی:

زمان دیاردەیەکی خواییە کە بەمرۆڤ بەخشراوە ، کە خودای گەورە جگە لە مرۆڤ نەیداوەتە هیچ زیندەوەرێکی تر وە زمان بۆتە هۆکارێک بۆ گفتوگۆ کردن و لێک تێگەیشتن و مامەڵە کردن .هەر زمانێک لەسەر گۆی زەوی کە دروست بووە ، کۆمەڵێ یاسا و رێسا و خاسیەتی خۆی هەیە وە لەکۆمەڵە زارێک و شێوەزارێک پێک هاتووە ، پێکەوە زمان پێکدەهێنن . هاوبێژی یەکێکە لە بەشەکانی زمان کە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەیە ، وە زمانی کوردیش بەدەر نییە لەو رەهەندە ، لە زمانی کوردیدا هاوبێژی بەدی دەکرێ بەهۆی بوونی زۆری شێوەزار و ئاخاوتنی ناوچەی . هاوبێژی (( رەگەز دۆزی )) لە شعری کوردیدا پێگەیەکی بەرز و گەورەی هەیە ، چونکە شاعیرانی کورد بۆ جوانکاری شعرەکانیان بەکاریانهێناوە.

## تەوەری یەکەم : چەمکی هاوبێژی

هاوبێژی وشەیەکی یۆنانیە بە مانای هەمان گۆکردن دێت ، لای ئەوروپیەکان هاوبێژی ئەو کۆمەڵە وشەیە ، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە ، تەنها لە رووی گۆکردنەوە نەبێ.

(( هاوبێژەکان ئەو وشانەن کە رێنووس و مانای جیاوازیان هەیە )).

( عەبدولواحید موشیر ) (ل:8،2009)

هاوبێژی لەزۆربەی زمانەکانی دونیا بەدی دەکرێت ، وە زمانی کوردیش وەکو زمانێکی دێرین و کونی ئەو جیهانە بە دەرنیە لە هاوبێژی ، وە هۆکاری بوونی هاوبێژی لەناو زمانی کوردیدا دەگەرێتەوە بۆ گەلێ هۆکار ، یەکێک لەو هۆکارانەی کە فاکتەری سەرەکی بوونی هاوبێژی لەناو زمانی کوردیدا زۆری شێوەزار و زاری جیاجیایە .هەر بۆیە ئەو کارەش هۆکارێکە بۆ دروست بوونی هاوبێژی و وشەی نوێ ، خالێکی تری هەبوونی هاوبێژی دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو ستاندارد لە ناو کوردا ، ئەوەش دەرگای کردۆتەوە بۆ دروست بوونی کۆمەلێ شێوەزار.

((لە زمانی کوردیدا و زمانانیتردا دانەرانی زاراوە زۆرن ، بۆ نموونە (وەرگێرەکان و دەزگاکان و راگەیاندن ...هتد) ( عبدولواحید موشیر)،(ل:107،2021)

( چەمکی هاوبێژی لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێت ) Home phone :

ئاشکرایە کە هاوبێژی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆرێت ، واتە رێژەی بوونی لە زمانەکانی جیهان جیاوازە ، چونکە هەندێ زمان هەیە برگەی زۆرە یان هەیە وشەی لێکدراوی زۆرە .کە وەش هۆیەکی گرنگ و بەرچاوە کە بوونەتە هۆی جیاوازی هاوبێژی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر (( رێژەی هاوبێژی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆرێ ،بەتایبەتی لەو زمانانەدا بەدیدەکرێ کە وشەی یەک برگەییان هەیە).

( عبدولواحید موشیر دزەیی)،(ل106،2010)

واتە هەرزمانێک بە پێی رێساو رێبازی زمانی خۆی رۆڵی لە دروستکردنی هاوبێژیدا هەیە.

لەلای عەرەبەکان هاوبێژی بەشێوەیەکی فراوان باسکراوە چونکە زمانی عەرەبی زمانێکە کە خاوەنی وشەی فرە واتاو دژ واتای زۆرە لەبەر ئەوە ئەو دوو دیاردە هۆکارێکی گرنگە بۆ دروست کردنی هاوبێژی . ئەوەش لەئەنجامی دروست بوونی جیاوازی زمانی و دیاردەی زمانی روودەدات . هاوبێژی وەک چارەسەرێک دانراوە بۆ چارەسەرکردنی تەموو مژاوی مانای وشە.

(بۆ ئەوەی دیاردەی هاوبێژی یان چارەسەری وانای وشە بکەین پێویستە پەیوەندی نێوان فۆرمی وشە وواتاکەی روون بکەینەوە ) (تالب حوسێن)،(ل114،2019:)

واتا هاوبێژی وەک و چارەسەرێک دانراوە بۆ لێڵی و تەم و مژاوی واتای وشە . چونکە بەهۆی هاوبێژییەوە دەتوانین مەبەستی وشەکە روون بکەینەوە نمونە

1- (ئازار )    2- (ئازار)

ئازار لەیەکەم دا واتا مانگی ئادار

ئازار لە دووەمدا واتا ئێش و ئازار

## تەوەری دووەم :

هاوبێژی چییە ؟

هاوبێژی دیاردەیەکی زمانیە کە رۆلی هەیە لە دروستکردنی نا روونی واتا و لێلی وشە و رۆنان.

((هاوبێژی : بریتیە لەو وشانەی کەلە خوێندنەوە و نوسیندا وەک یەکن بەڵام ماناکانیان جیاوازە ). ( تالب حوسێن)،(ل114،2019:)

نموونە :

1- بیر : بیر و هۆش

2- بیر : چاڵ (بیری ئاو)

لێرەدا دەبینین کە وشەکان لە شێوە وتندا وەکویەکن بەڵام لە رووی واتادا جیاوازن.

بەبۆ چوونی محمد مەحوی هاوبێژی بریتیە لەو وشانەی کەلە بەکوی دوورن لە فراواتان دروست بوون ، واتا ئەو وشانەی کەلە مانایەک زیاتری هەبێ وەک

1-مار : واتا ئاژەلی خشۆکی مار

2- مار : واتا ماڵ

(( لە زمانی کوردیدا وشە هەن لە نوسین و خوێندنەوەدا وەک یەکن بەڵام ماناکانیان جیاوازە ))

( محمد مەعروف یباح رەشید)،ل:(68،2006)

بەلای د.ئاو رەحمانی حاجی مارف هاوبێژی بریتیە لە ( ئەو وشانەیە کەلە خوێندنەوە و نوسین وەک یەکن بەڵام مانایان جیاوازە )( ئەو رەحمانی حاجی مارف ) ،(ل: 15،1975)

نموونه

1- گڕ ← ئاگر

2- گڕ ← گڕدان ( دەست بەسەر داگرتن)

بەرای د.محمد فەتاح هاوبێژی پێویستیەکی زمان نییە تەنیا بۆ جوانکاری و یاری کردنی وشەیە.

( هاوبێژی بەهیچ جۆرێ پێویست نییە هەبێت لە زمانداو تەنیا بۆ یاری کردن لە وشە دەست دەدات). ( محمد مەعروف)، (ل : 171،1990)

لێرەدا ئەوەی بۆمان روون بۆتەوە ئەوەیە کە هاوبێژی لەناو شیعر دا نرخ و بەهای زیاترە وەک لە قسەکردنی ئاسایدا ، چونکە بەرای ئەو بۆ یاری کردنی وشە بەکاردێن ئەم دیاردەیەش هونەرێکی بەرزی رەوانبێژیە

حەمدی دەڵێ:

بڕی پارچەی غەزەل یارم کەوای کرد

بڕی بەندی دڵم یارم کەوای کرد

واتا وای کرد ← کەوای کرد

واتا جلی کەوای کرد ← کەوای کرد .(دیوانی حەمدی ) ( ل: 183)

بەرای ئۆڵمانیش هاوبێژی بریتیە لەو وشانەی کە لە رووی شێوە و پێکهاتنەوە یەکن ، نموونەشیان بۆ کەلە رووی خوێندنەوە دا یان گۆکردن وەک یەکن بەڵام لە روویsea-see ئەم پێناسەیە ووشەکانی )

رێنوسەوە جیاوازن.

ئەو دیاردەیە لەزمانی کوردیدا بەجۆرێکی ترە چونکە ئەوەی ئۆڵمان لەرووی وێنەی دەنگیەوە

ئەنجامدەدرێن بەڵام لە زمانی کوردیدا نوسین و خوێندنەوەی وەک یەکە واتا رەنوسیان هەم وێنەی خوێندنەوەیە .

نموونە:

خاک ← ئاخ

ئاە هەڵکێشان ← ئاخ

((هاوبێژی واتا وەک یەکی لە شێوە و وشەدا)) (محسین احمد مستەفا ) ( ل:249،2013)

هاوبێژی لە زمانی کوردی دا شێوە و خوێندنەوەی وەک یەکەم .بەپێی بۆچونی غەزەلی هاوبێژی بریتیە لە ( ئەو وشەیە کەدانراوی یەکەمجار بێت هاوبەش هەردوو ماناکەی بێت ، نەک بەوحسابەی کەیەکێک ناوبراوەکان مافی خۆی بێت ، کە ئەو ناوە بەکاربهێنێت ، پاشانیش لەوەوە بە وشەی دی گوازراوەتەوە ( نەریمان خۆشناو )،( ل: 80،2010 )

هاوبێژی ناتوانرێ لەفەرهەنگ لێک بدرێتەوە ماناکەی چونکە ماناکەی ئەگەر نەخرێتە ناو دەوروبەر روون نابێتەوە لەبەر ئەوەی هاوبێژی لەدوو وشەی وەک یەک پێک دێت وەک یەکن لەدەنگ و پیتدا.

((زاراوەیەکی واتا سازیەکە لە شیکردنەوەی واتادا ئاماژە بەو وشە فەرهەنگیانە دەکات کەلە فۆرمدا یەکن لە واتادا جیاوازن)) (کریستال ) ل:220،2003

واتا فەرهەنگ بەتەنیا ناتوانێ هاوبێژی روون بکاتەوە تەنها لەرێگای دەوروبەرەوە نەبێت.

ئاورەحمانی حاجی مارف دەڵێ( چۆن لەگشت زمانێکدا ، هەروەها لە زمانی کوردیدا وشە هەن ، کە بەنوسین و خوێندنەوە وەک یەکن بەڵام مانایان جیاوازە ) ( ئاو رەحمانی حاجی مارف ) (ل : 1987،165)

زۆربەی زمانەوانانی دونیا رێک و کۆکن لەسەر ئەوەی کە هاوبێژی دیاردەیەکی فراوانی زمانەوانیە لە گەلێک بواری زمان بەکاردێت و بەفراوانی دەردەکەوێت.

))دیاردەی هاوبێژی بە فراوانی دەردەکەوێت بەهۆی بونی لێک چوون لە دەنگەکان و رێژەی فرمانی رابردوو رانەبردوو ( ئێستا و داهاتوو ) ( پەروین عوسمان )،( ل : 125،2009)

واتا هاوبێژی دیاردەیەکی فراوانی زمانیە لەگشت بوارەکانی زماندا بوونی هەیە.

هاوبێژی لە شیعردا پێی دەوترێت ( رەگەز دۆزی ) کەئەو بوارەش دیاردەیەکی رەوانبێژییە لە شیعردا بۆ جوانکاری بەکاردێت .((رەگەز دۆزی بریتیە لە بوونی دوو وشە کەلە دەربیندا بە شێوەیەکی تەواو یانیش کەمتر بەیەک دەچن یاخود لێکچونێک لە نێوانیان هەبێ)).(ئیدریس عەبداللە ) ل : 224،2011

کەواتە هاوبێژی هەمان دیاردەی هاوبێژیە لەشیعر و ئەدەب دا.

لەوەختی خۆی هەموو شا بوون ، سەرەپا بێخەم و شابوون

لە جودا حاتەمی تائی لەشەردا رۆستەمی مەیدان . (حاجی قادری کۆی )، (ل : 150)

شای یەکەم واتا پاشا

شای دووەم واتا شادی

3- هاوپیت : ئەو وشانەن کەلە نوسیندا وەک یەکن بەلام لە گۆکردن دا جیاوازن بۆ ئەو مەبەستەش هێز رۆڵی تێدا دەبینێ

5- هاوبێژی ناتەواو : جۆرێکی تری هاوبێژیە کە چەند شێوەیەکی لێ بەدی دەکرێت

نموونە:

گرتن و گریان لە روکاری ( دەگری ) لەگەل یەکدا هاوبەشن کەچی لە رووکارەکانی تردا جیاوازن.

وەک گرتن دەگرم دەگریم

## تەوەرەی سێ یەم: جۆرەکانی هاوبێژی

1- هاودەنگ: ئەو وشانەن کە لە گوتندا لەبەکدەچن بەڵام جیاوازن لە نووسیندا (know.no) ئەو جۆرە لە زمانی کوردیدا نیە. (تالب حوسین)،(7 : 115 ، 2019).

2- هاوبێژی تەواو: وشەیەکە چەند مانا ەک دەدات بەڵام واتایان لەیەک دوورن. (موحەممەد مەعروف)(7 : 170 ، 1990).(د.عەبدوالواحید موشیر)(7 : 134 ، 2010)

3-هاوپیتن: ئەو وشانەن کە لەنووسیندا وەک یەکن بەڵام لە گۆکردندا جیاوازن بۆ ئەم مەبەستەش هێز ڕۆلی تێیدا دەبینێ. (تالب حوسین)(7 : 115 ، 2019)، (موحەممەد مەحوی)،(7 : 108 ، 2009).

4- هاوبێژی ناتەواو: جۆرێکی تری هاوبێژییە کە چەند شێوەیەکی لێ بەدی دەکرێ.

نموونەک

گرتن و گریان لە ڕوکاری ( دەگری) لەگەڵ یەکدا هاوبەشن کەچی لە ڕووکارەکانی تردا جیاوازن.

وەلام: گرتن دەگرم دەگریم

## تەوەرەی چوارەم:هۆکارەکانی دروست بوونی هاوبێژی:

1- هۆکارە جوگرافیەکان:

ئەبە عەلی فارس دەڵێ ، تێکەڵ کێشکردنی زمانەکان ( مەبەستی شێوا زەکانی زمانی عەرەببە ) هۆکارێکە لە هۆکارەکانی روودانی هاوبێژی لە زمانی عەرەبی دا ، ئەوەش رەتدەکاتەوە کە ئەم حالەتە لەیەک شێواز دا رووبدات.

2- هۆکاری مێژووی:

یەکێک لە ناسراوترین ئەو کەسانەی کەلە دیاردەی هاوبێژییان کۆڵیوەتەوە لەسەر بنەمای پێش وەچوونی ( دەنگ ) زمانەوان ( ابراهیم ئەنیس )ە کە هەوڵیداوە وشەکانی وەکو ( السغب -برسێتی) شرۆڤە بکات لە رووی دەلالەتکردنی لەسەر (پیسی) و ( چلکنی) ، هەروەها ( قات و قری ) و ( برسێتی)

ئەم زانایە هەوڵیداوە کە ئەم وشانە شرۆڤە بکات.

ئەویش ئەم راوبۆچونە ( ئەو وشانە لە شێوەزارێکدا پێشڤە چوونیان بە خۆوە بینی ، بەپێی بارودۆخی تایبەت ، بە شێوەیەک ( التغب) لە زمانی عەرەبیدا بووە هاوبێژی ، ئەویش بەئاشنابوون لەگەڵ قسەو شێوە زاری هەندێک لە هۆزەکانی یەمەن کەلەکاتی قسەکردن یاندا (پاء) لەجیاتی (س) دادەنێن ، هەروەک لەقسە کردنیان دا ، (الناپ) لە جیاتی ( الناس) دا بەکاردەهێنن . پاشان ((کۆکەرەوانی فەرهەنگەکان هاتن و دوومانی جیایان بۆ وشەی (التغب) دانا و لەرێزی وشەکانی هاوبێژی هەژماریان کرد)). ( نەریمان خۆشناو )،( لا :84-85،2010)

هۆکاری جوگرافی مێژووی دووخاسیەتی بنەرەتی و سەرەکی دروست بوونی هاوبێژین لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا ، جگە لەو هۆکارانەی سەرەوە کە باسمان کرد چەند فاکتەرێکی تر کاریگەریان لەسەر دروست بوونی هاوبێژی هەیە ، کە بریتین لە:

پەیدابوونی دیاریدەی لە زماندا:

دیاریدەی هاوبێژی وەک گشت دیاریدەکانی تر بەهۆی چەند هۆکارێکەوە سەری هەڵداوە دەکرێت لەچەند خاڵێکدا روونی بکەینەوە :

-1جیاوازی زار و شێوەزار و رێککەوتنیان لەگوتن یان نووسین وجیاوازیان لە واتادا.

-2گۆرانی واتای لەواتای راستەوخۆوە وەبۆ واتای میتافۆر و بەکارهێنانیان لەیەک کاتدا.

-3گۆڕانی دەنگ دەبێتە هۆی دروست بوونی دیاریدەی هاوبێژی لەزمان دا.

-4وەرگرتنی هەندێک ووشە لە رێگای خواستنەوە بۆ زمانی کوردی .

کەواتە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە زار و شێوەزار لەگەڵ جیاوازی ئاخاوتن و گۆڕانی واتای وشە وهاتنە ناوەوەی وشەی تر بۆ ناو زمان هۆکارێکی گرنگ و بەرچاوە بۆ دروست بوونی هاوبێژی ئەم بابەتە.

ناو: سەرکەوت ڕسول ئەحمەد

پیشە:شارەزا(خەبیر) لە وەزارەتی رۆشنبیری

سالی لە دایک بوون:١٩٦٩

بڕوانامە:

١ /دبلۆم لە زمانی کوردی ، پەیمانگای مامۆستایانی مەڵبەندی.

٢/بە کالۆریۆس لە زمانی کوردی .... کۆلیژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

زانینی زمانەکان: عەرەبی, ئینگلیزی, هۆلەندی

بواری پسپۆڕی: شیعر نووسین, ئاواز دانان, ڕەخنەو هەڵسەنگاندن, ڕاگەیاندن،کاری ریکخراوەکانی کۆمەلی مەددەنی

خزمەتی وەزیفی: ٢٢ساڵ (مامۆستایەتی و مۆڵەتی مامۆستایەتی و ڕاگەیاندن(

بڵاوکراوەکان:

1. کتێبی شیعری قەسیدەی فاتە شێت ......2007
2. کتێبی شیعری یادنامە ......2007
3. سیدی شیعری.......دەنگ
4. شیعری تورك....سیدی.....دەنگ

٥.کتیبی پاییزەیاد لەگەل ٢ سی دی

لێکۆڵینەوەی زانستی:

((کەموکورتیەکانی شیعری ئیستای گۆرانی کوردی لە ڕووی تیۆری و پراکتیکی یەوە))

نامەیەکە بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدینم کردوە, بە پلەی نایاب قبوڵ کراوە.

کاری هونەری:

1. زیاتر لە لە () شیعرم کراوەتە گۆرانی لە لایەن گۆرانی بیژانەوە

2. (15)ئاوازم بۆ هونەرمەندان داناوە کراون بە گۆرانی

بڕوانامەی ڕێزلینان و خەڵاتەکان:

- خەڵاتی ئەحمەد موختار بەگی جاف گەلەری هونەری بابان سلیمانی.
- میدالیای ڕیزلێنان سولێداریەتی لاوان.
- خەڵاتی ڕێکخراوی ئازادی و لاوان.
- سوپاسنامەی ڕێزلێنانی نوسینگەی قوتابیان, زانکۆی سەلاحەدین.
- میدالیای ئارمی ڕێزلێنانی .(k.tv) هی دیش......

سوپاسنامەی ڕێزلێنانی ریکخراوی ئازادی لاوان.....

سوپاسنامەی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین.....

- خەڵاتی ماڵی کتێب بۆ نووسەری ساڵ

یادنامەی مەیتگای عومرێک

بەشی یەکەم: ئەو یادانەی پێیان دەژیم

جاران کە خۆشت دەویستم

وامەزانی ڕۆژێ نایە لەبیرم کەی

لێرەدا ووشەی (جاران) هاوبێژی تەواوە ئەو یادانەی پێیان دەژیم چونکە لە گوتندا وەک یەکن بەڵام مانایان جیایە.

جاران: لێرەدا بەواتای پێشتر دێت.

جاران: بەمانای کردارێکی بیرکاری(ماتماتیکی) دێت وەکو (2×2=4) واتا لێکدانی ژمارە.

جاران کە بۆ یەک دەسوتاین هەروەک ماسی و ئاو وابووین چرکەیەک لێک دانەئەبراین هەر لە خەیالی یەکدابوین. ( وابووین ، دابووین )

هەردووکیان هاوبێژی ناتەواوە چونکە هەردووکیان لە رووکاری (بوون) هاوبەشن کەچی لە رووکاری بەژداری لەگەڵ یەک ناکەن .

یادگای مەیتگای عورمێک

بەشی دووەم ئەو یادانەی بۆیان دەگریم

هەتا دوێنێ ئامادە بووم لەپێناوی چرکەیەکت

کای کادینی رقی عومری کوێرەوەری بەڵەحزەیەک شەنەباکەم

( کای ) لێرەدا هاوبێژی تەواوە

کای : لێرەدا بەمانای کا دێت ئەوەی دەدرێت بە ئاژەل

کای : لێرەدا دەبێتە ووشەیەکی وەک ئەوەی بەکەسێک بلێی لەکوێی

من فرمسێکم بۆ خۆم ئەگریم

ئاخر چۆن شەوی گریانم بەخەندە و ئاوات ئاواکەم

(خۆم) لێرەدا هاوبێژی تەواوە

خۆم : جێناوی کەسی سەربەخۆیە

خۆم : بەمانای بخۆم دێت لەشێوەزارە ناوچەی رواندز و خۆشناوەتی

(پایزە یاد) بەشی دووەم

لەیادم ئاسمانی بەختی خۆم دانیشتیوومە

تیشک گری باخی شەوم ، بەتاسەی تۆ ، ووردە تروسکە دەچێنم.

ووشەی تاسە لێرەدا هاوبێژی تەواوە.

تاسە: حەسرەت و ئاوات

تاسە : لە کۆندا ئامرازێک بوو بۆ گەرماوکردن بەکاریان دەهێنا ئێستاش هەر هەیە بەڵام ووشەیەکی تری پێدەگوترێت.

بێم دەوونی: من نازانم پەیوەندی دەنگت بە گەڵا لە کوێوەیە؟

تۆش بەهێمنی شەرحێکی خۆتت دەکرد...

ووشەی گەڵا لێرەدا هاوبێژی تەواوە.

1- گەڵا: بەمانای گەڵای (( پەلکی ) دارەکان دێت.

2- گەڵا: لە شێوەزاری سلێمانیدا بە پارەی ئەمریکی دەوترێت گەڵا.

عەشق تیری نێوکەوانی بەباچوونە.

عەشق ووشەی سەر زارێکە - ڕووتە وەک وشەی بێبەری.

ڕووتە لێرەدا هاوبێژی تەواوە چونکە یەک ووشەیە بەڵام دوو مانا دەدات.

ڕووتە: واتا رووی روخساری تۆیە.

ڕووتە : واتا بێ جل و بەرگە .

پایز هەستە ، لە رێژەبوون ، رەهاییە!

لەمن دەچێت...!

هەستە ووشەیەکی هاوبێژە وە دەچێتە ناو جۆری هاوبێژی تەواو.

هەستە : واتا هەست و سۆز ( احساس).

هەستە : هەستە ( ڕابە ) کاری داخوازییە .

جگە لەمانە ووشەی (بۆ یەک) هاوبێژی تەواوە.

بۆ یەک: واتا بۆ یەکدی.

بۆیەک :واتا بۆیاغ ( ێبوغ).

ئەگەر منت خۆش ویستبێ

بە گومانم بەنیگایەکی سەر پێی ئارەزووش بێ ، ئاوڕ بۆ مانگی ئاسمانیش نادەیتەوە.

ووشەی (بێ) هاوبێژی تەواوە ، چونکە لە گوتندا وەک یەکن بەڵام مانایان جیایە .

بێ: کورتکراوەی (بێت) ی تەواوکەری کاری ناتەواوە.

بێ: جۆرە میوەیەکە لە شێوەی هەرمێ.

ئازیزترین یادی منی و گەورەترین زامی منی

تۆ ئاخ لە تۆ ! ئەی هیتلەری خۆشەویستی.

لێرەدا (ئاخ) هاوبێژی تەواوە .

ئاخ:واتا ئاە هەڵکێشان.

ئاخ : واتا خاک .

لام ئاسانە لێی بکۆڵم ، قۆرتی ڕقی

گەورەترین خۆشەویستی وەکو نەخشە !

نەخشە هاوبێژی تەواوە.

نەخشە: واتا نەخشەی شار و وڵاتان (خریگە)

نەخشە: نوقڵانە واتا چاولێدانی کەسێک لە کەسێکی تر یان لەشتێک.

شەماڵی گشت کوێستانەکان.

لەهەناسەی سی یەکانت ئەشنێتەوە !

((سیی یەکان )) لێرەدا هاوبێژی تەواوە.

سی یەکان : واتا سییەکان ئەندامی هەناسەی مرۆڤە.

سیی یەکان : واتا تەمەنی سی ساڵی.

بەقەد دوو مەرگ ئەترسم!

بەقەد دوو ئازار ئەپرسم !

ئازار لێرەدا ووشەیەکی هاوبێژە جۆرەکەشی هاوبێژی تەواوە.

ئازار : ئێش و ئازار

ئازار : مانگی ئازار.

خەمێکی شیرین ، تادێ عەشقت تێم دەئاڵێ و .. هەموو شەوێ داوای شعرێکم لێدەکا.

دێ : لێرەدا هاوبێژی تەواوە.

دێ : واتا ئەو دێت وەک ووشەیەکی هەوڵدانە.

دێ:واتا گوند .          2004/11/12

دوودڵی...

تۆش پەرێکی دەفتەری ئەمەکداری خۆت ، لە رۆژی عەشقی من ئاوانەکرد!

ئاوانەکرد لێرەدا هاوبێژی تەواوە.

ئاوانەکرد: واتا وای نەکرد.

ئاوانەکرد: واتا رۆژ ئاوا نەبوو.

دەبێ منی لەبیر مابی هەر بۆم بژی.

یان گۆراوە و لەخەمی یەکێکی تردایە.

دایە : واتا دایک

دایە: واتا هەبوونی شتێک لە شوێنێک.

کە درکت کرد ، کەسێک نییە ئەوەندە چاوتی خۆش بووێت ، ئەوساکە ئەو دڵەی کە هەروەکو بەردە ، نەرم دەبێت.

)بەردە) لێرەدا هاوبێژی تەواوە.

بەردە: واتا وازهێنان

بەردە: واتا بەرد.

بنووسە گیانە بنوسە -لە چاوەروانیتە دڵی !

چی کەیف و کوڵی دڵ هەیە . بۆم وەرە دووان و پێم بڵێ.

کوڵی: واتا کۆر ( واتا چەقۆیەک بۆ برین بەکەڵک نەیەت)

کوڵی: قین و ڕق.

من تازە تۆم نەویستووەو ، پەتی گەمەی نێوانمان .. هەر لێرە بابرێتەوە!

پەتی لێرەدا هاوبێژی تەواوە.

پەتی : واتا پێی بێ پێڵاو ( پێخواسی)

پەتی : واتا گوریس .                    1998-1-24/23

هەموو ڕۆژێک پێی دەژیم و دوو ڕۆژ دەژیم

دوو بینین و دوو بینایی .. دوو شەو خەونی سەر جێ یە!

بینای لێرەدا هاوبێژی تەواوە

بینای : واتا بینین ڕووناکی چاو

بینای : واتا باڵەخانە.

تەنیا شتێکە و پێی بژیم ....( گومانیشە دلنیایی)

من و تۆ شین و تەنیای...

شین هاوبێژی تەواوە چونکە هەمان پیتن بەڵام دوومانا دەدەن .

شین: گریان و ڕۆ ڕۆ

شین: ڕەنگی شین 1995/2/5

شینی شێن پۆش 2004

کە شیعر دێ و لەناو بیرم

خول دەخوات و داوای نووسینم لێ دەکات.

بیر لێرەدا هاوبێژی تەواوە

بیر : مێشک

بیر: بیری هەڵقولاوی ئاو یان نەوت.

وەکو دوومەل ئەو باز ئەو باز .. لەم هەواڵ بۆ ئەم دەنگو باس لەئاسمانی شیعرێکا بنیشینەوە!

باز لێرەدا ووشەیەکی هاوبێژییە جۆرەکەشی هاوبێژی تەواوە.

باز : باڵندەی باز

باز : بازدان.

لێم بەقینە ئەم تاسەیەم . مەرگی سبەی منی پێ یە !

دڵنیامە ئەم دەرگایانەی داخران بۆ یەکتری ناکەیتەوە.

(پێ یە ) هاوبێژی تەواوە

پێ یە : واتا (پێ)

پێ یە : واتا لەلایەتی.

چی بەڵێن و پەیمان هەبوو وەکو مردوو گیانیان دەرچوو ، منی جێهێشت وەک باڵندەی بریندار و شکستە باڵ .

باڵڕ: هاوبێژی تەواوە

باڵڕ: باڵی باڵندە

باڵڕ:بەرز

عاقیبەلی خۆشەویستی 2005/4/8

دەمت داخە ( خۆشم دەوێ عع م لە زاری تۆ ناوێتەوە

تۆ دوا کەسی باسی خۆش ویستن بکەیت و لە قوربانی و وەفا و ئەمەک بدوێیتەوە

زار هاوبێژی تەواوە چونکە یەک مانا دەدات.

زار: بەمانای دەمی مرۆڤ دێت

زار: بەمانای بەردە زاری یاریکردن دێت.

وانەی ماچ 2005/1/6

تۆ تا ئێستا وادەزانی ..زەمان زەمانی قەیسەرە

وایی دەبینی .. دونیا ئێستاش فیستانی ئەوسای لەبەرە

تۆ لێرەدا هاوبێژی تەواوە.

تۆ : واتا تۆ جێناوی کەسی دووەمی تاکە

تۆ: ئەو تۆیەی لە زەویدا دەچێندرێت و سەوزە و میوەی لێ دروست دەبێ.

لە دوڵی ئەوەی بێ بەش بووم لە بەیانی و گزنگی دەم خۆر

لە دوای ئەوەی ئەڵقەی شەرەف لە پەنجەرەی پەیمان پچرا

دەم هاوبێژی تەواوە

دەم : دەمی مرۆڤ

دەم : کات.

لە دوای ئەوەی ڕەنجی عومرێک ،بۆ بەرکسێردی لە بیرچوونی پاپ چەکەی بن پاژنەی پێی نازت برا.

برا هاوبێژی تەواو ە.

برا : بردرا

برا : برا.

نەتدەزانی چۆن بێیە گۆ

مەمەی ووشەم لە زاری نای

هەردوو وشەی ( گۆ و نای لێرەدا هاوبێژی تەواون.(

گۆ : بەواتای شتێکی خر دێت

گۆ : بە واتای گفتوگۆ دێت.

نای : خستنە ناو

نای : واتا ئامێری مۆسیقای (نای)

لەبیرت چوو کورسی وانەت پێ نەزانی

گوێچکەم گرت و لەسەر عەرشی کەلاوەی ئەم دڵەم دانای.

دانای هاوبێژی تەواوە

دانای : واتا کەسێکی زیرەک

دانای : واتا لەسەر جێگایەک دانان.

ئێستا لە ناو نائومێدی سەفەری رووحم سازداوە
بێ مروەتی بۆیە گیان هەرزوو منت خستە لاوە
لاوە هاوبێژی تەواوە
لاوە: گەنج
لاوە: بەلانان ( دورخستنەوە)
مەپرسە تکایە مەپرسە
پرسیاری تۆ ، وەڵامەکەی بەقەد وەڵامی بوونی من ئێجکار قورسە.
بەقەد هاوبێژی تەواوە
بەقەد : هێندەی
بەقەد : واتا قەدی دار یان قەد و باڵا.

## پوختە

هاوبێژی رەگەز دۆزی تەواو یەکێکە لەو هونەرانەی زۆربەی شاعیرانی کورد بەکاریان هێناوە بۆ دیاردەی جوانکاری لە شعرەکانیدا بە تایبەت سەرکەوت ڕەسول ئاوڕێکی لەم هونەرەداوەتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا ئەوەندەی درکمان پێکردووە شاعیر وەکو زۆربەی شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ لە گرینگی ئەم جۆرە هونەرە گەیشتووە، بۆیە لە زۆربەی کاتدا بەکاریان هێناوە.

ئەم توێژینەوەیە پێک هاتووە لە دووبەش بەشی یەکەم پێکهاتووە لەچەمک و جۆرەکانی هاوبێژی بەشی دووەمیش پێکهاتووە لە پراکتیزەکرن لە لێکدانەوەی شعرەکانی سەرکەوت رەسول,

سەرچاوەکان

1-فەرهەنگی زمان و زاراوە سازی کوردی رۆژان نوری عبداللە 2007

2- واتا سازی عبدالواحید مشیر دزەی 2009

3- واتا سازی ووشە و رستە عبدالواحید مشیر دزەی 2011

4- واتا سازی طالب حوسێن عەلی 2019

٥- محمد مەعروف و ێباح رەشید چەند لایەنێکی مۆر فۆلۆجی کوردی 2006

٦- ئاورەحمانی حاجی مارف وشە سازی 1975

٧- زمانەوانی محمد معروف 1990

٨- عەبداللە خدر مولود دیوانی حمدی 2015 لا183

٩- محسین احمد مستەفا بەهاری رەوانبێژی 2013

١٠- نەریمان خۆشناو سەرەتایەک بۆ زانستەکانی واتا سازی و پراگماتیک 2010

١١- پەرویت عوسمان مستەفا عەلاف واتا وەرگێران 2009

١٢- ئیدریس عەبداللە لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی دا نموونەش حەمدی و حاجی قادر 2011

١٣- واتا سازی کلۆد جێرمان و ریمۆن لوبلان وەرگێرانی د. یوسف شریف سەعید